# درەنگان

فریا یوونسی

دیارییەک بۆ هاوڕێ و هاوژینم "شەوبۆ"

سرشناسه : یونسی، فریا، ۱۳۵۷ -
عنوان و نام پدیدآور : درەنگان
مشخصات نشر : تهران: آریوحان: کانی کتیب، ۱۳۹٤.
مشخصات ظاهری : ۹۱ ص.؛ ۹/۵× ۱۹ س .م.
شابک : ۹۷۸-٦۰۰-۷۹۰۱-۰۱-٤
وضعیت فهرست نویسی : فیپای مختصر
یادداشت : فهرستنویسی کامل این اثر در نشانی: http://opac.nlai.ir قابل دسترسی است
شماره کتابشناسی ملی : ۳۸۱٦٤۲٤

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : درەنگان
نووسەر : فریا یوونسی
دیزاینی دەق و دووبەرگ : سنە: توسعه کتاب
۸۷ ۳۳ ۱۷ ۳۲ ۴۲ +۹۸
۸۷ ۳۳ ۱۷ ۳۲ ۴۳ +۹۸
پەخشکار ئاریوحان
پەخشکاری هاوکار کانیکتێب
هەژمار : ۱۰۰۰ بەرگ
جار و سالی چاپ : یەکەم ـ۱۳۹۴
بلاوگە : کانیکتێب
۸۷ ۳۳ ۱۲ ۵۲ ۵۹ +۹۸
۹۱۸ ۱۷ ۱۷ ۲۵۷ +۹۸
سەرپەرشتیاری چاپ : شوانە تاهیری
نرخ : ۵۰۰۰ تمەن

مافی لە چاپدانەوەی بۆ کانیکتێب پارێزراوە.

# پێڕست:


گاڵتەتان.......... ٥
ئەودیو دیواری.......... ٦
ئەستێرەی تاریک.......... ٩
ئەتکی پەری.......... ١١
بەع.......... ١٣
بۆ ئاگەداری.......... ١٥
ئەیچی.......... ١٦
ئـــەو.......... ١٧
ئەو قاوەییەی خەریکی جەنابی ئیکسە.......... ١٨
جۆرێک غوبار.......... ٢٠
تەوژم.......... ٢١
پیس.......... ٢٢
بیرم.......... ٢٤
جەنازەیەک.......... ٢٦
چارشێوەکەی.......... ٢٨
جارِسی فام.......... ٢٩
چش.......... ٣١
چلوان.......... ٣٢
خەرفاو.......... ٣٤
دنیادیل.......... ٣٦
سێبەری سوور.......... ٣٨
ڕازی.......... ٤٠
دیواری هین.......... ٤١
دەرەتان.......... ٤٣
چۆن.......... ٤٤
کۆترەکانی کانووسەر.......... ٤٥
کپتر.......... ٤٧

شاری بێساحەب........................ ٤٩
زووتر........................ ٥٠
قومار........................ ٥١
گاڵتەجاڕ........................ ٥٣
قورستر........................ ٥٥
کـــــار........................ ٥٧
قۆڵەکۆتێک لە بادا........................ ٥٩
سەرتان........................ ٦٠
کوێربوونەوە........................ ٦١
منداڵەکانی دایکم........................ ٦٣
نەکە........................ ٦٤
یەکجار........................ ٦٥
چاوەڕوانی شەوی ڤحەوتەم........................ ٦٦
لەقەست چووین بمرین........................ ٦٧
نیتانە........................ ٧٠
مەچەکی مەرگ ........................ ٧١
گوڵی بەیانیی باش........................ ٧٣
پەپوولەکانی کانووسەر........................ ٧٥
درەنگان........................ ٧٧

# کاڵتەتان

نازانم بۆ، بەو نیوەشەوە مشەووەشە، لەو جادە ڕەشە؛ هەوەسی تووی کوێرە پیاوێکی وا لە مێشکم تیژ تێدەپەڕی. بە خەونیش نەدەکرا ببینم یاداشتەکانم کرابێتنە لوولەتوو، ئاوا بە بەلاش درابێتن. کاتێک دەنگە تیزەونەکە پێی وتم، من بە لەرزە لەرز لوولە تووەکانم کردەوە و هەموو وشەکانی خۆم بینی کە لە گەڵ دەنکە توو لێم هەڵوەرینە سەر جادە ڕەشەکە. دانووشتامەوە بە سەر جادەکەدا و لەو ئانەدا، دەنگە تیزەونەکە بووم کە لەو ڕەشاییەدا دەنکە تووم پێ دەخوێندرایەوە: کێ. ئەزانێ. بۆ. بەو. نیوە. شەوە. کوێراییهێنە. لەو. جادە. ونبووە. بێ. ترمیناڵە. هەوەسی. تووی. کابرایەکی. زۆرزان. لە. مێشکی. مشەووەشی. تیژ. دەری. پەڕاندبوو...

# ئەو دیو دیواری

تەبەق تەبەق تاریكمان دەكەن و لە جۆگەكانا، ورد و پـــرد، تـــەلیس تـــەلیس فڕێمـــان ئـــەدەن كـــە بیگێڕینەوە: -من هەر تـەنها خـۆم باوەشـێك وێنـەی مـەلعوونم تێـدا زینـدووە و نـا، مـەڵێن چونكـە ڕەنگـی دەرگای عیمارەتێكی وەها، ماوەیەكە لەو چڵكنیە خلاس بووە و ڕەنگی جلەكانی ئەو سەربازانە وەهـا ڕووەو هێـور بوونەوە و زەیتوونە، ئیتر ئەتوانن ڕەحەت بكەن، ڕەحـەت بخۆن، ڕەحەت بخەون... و ڕەحەتیش بمرن. نـا. مـن بـــەم نەختـــە گیانەمـــەوە، بە دەرگـــای ژووریْكـــی ئەو مەدرەســـەوە بـــووم كـــە كردبوویـــان بـــە زینـــدان و لەو زیندانەدا، پێنووسم بینیوە كە چـۆن بـە خاڵبـازی ملـی

خـــاوەنەکەی کـــردوە بـــە پەتـــەوە و حـــەتتا رفیقـــە ژەنگاوییەکانیشم کە لەوەتای هەن نەردە بوون، شاهیدن. ئەهاتن پێنوسێکیان ئەهاویشتە بەر دەستی کەسـێک و ئەیانپرسی: "ئەمە هی تۆیە؟"، کوڕەی بێچارەش دەیوت: "ئەریٚ" و دەبـوو بـە نیگـای تاریـکتاریکـەوە، هەر بەو پێنووسەی خۆی، بۆیان بنووسێت، چـی؟ نـازانم. وەلـیٚ کاتیٚ کە ئێمەیان لیٚ دائەخست، دەمانبینی کـە چـۆن لەرزەلەرز دەسـتی دەکـرد بـە خاڵکوتـان و کـاتێکیش ئەهاتنەوە و خاڵەکانیان دەبینی، لـە خۆشـیا زللـەیەکیان تـیٚ ڕادەکێشـا و دەیـانووت: "ژیٚ. سیٚ"ـــیە. ئەوســا کاغەزەکەیان دەنا بە دیوارەکەوە و دیسان وەها بەجێیان دەهێشتەوە کە یەعنیها خاڵی دیکەمان لێـت دەوێـتەوە. ئـێمە خـۆ نەمانـدەزانی ئـەو خاڵـە مەلعوونانـە چـین و چاوەڕوان بووین خێرا، تا سـەربازەکان دەگەڕێـنەوە، لـەو خـاڵانەی ئەمـــڕایەش، ببێتـــەوە و زوو تەواوی بکـــات. ئەمجارە کە دەهاتنەوە، دەیـانوت: "ئەمـانە فیشـەکن" و پێدەکەنین، قاقا. کوڕەی بێچارە، تەواو سەری لێشـێوابوو. ئەگەر چی دوای فیشەکەکە، چاوەکانیان روون کـردەوە و هەر دوو کاغەزە پێشووەکەی دەبینی بە سنگی ڕووتی دیوارەکـەوە، کە ژێسـێیەک، چەپکـیٚ فیشـەکی لـیٚ تەقێندرابوو، بەڵام وەدەچو نەزانیٚ بە خاڵی ئەمڕایە چـی بکا. ئێمە بینیمان، لۆژەلۆژ خۆی گەیاندە ئاستی ئێمـە و لە نێومان‌دا، بۆ سیمای تـاریکی خـۆی دەگـەڕا کـە بە خاڵبازی، بیخاتە بەر فیشەکە پێکراوەکـانی بەر ژێسـێکە.

بەڵام تەنها وێنەیەکی لێڵی دەبینی کە لە ئانێکدا، هەزاران سێبەری بێ خوێنی لێ دەکەوتەوە و ئەو وێنانە بوون منیان وەها قورس کردبوو. گەڕایەوە سەر جێگەکەی و بە چاوی حەپەساو و دەستی لەرزۆکەوە، دەستی پێکرد. هەر خاڵە و لە سێبەرێکی گوناحی قوتابییەکی دەچوو لە بەر دەستیدا و هەرچی دەکرد نەیدەتوانی خۆی بکێشێتەوە و تا وەخۆ هاتەوە ، سەربازەکان گەڕابوونەوە و وێنەکەیان لە بەر وێنەی فیشەکەکەدا هەڵواسی و پەلکێشیان کرد بۆ حەوشەی مەدرەسەکە کە ئیستا بە دەست ئەوانەوە ببووە زیندانی ماموستایان و قوتابییەکانیان.

ئێمە تەنها گوێمان لەتەقوهوری چەن فیشەکێک بوو چیتر، کەچی ئیمڕۆ کە زیندانەکەیان خاوێن کردەوە و کردیانەوە بە مەدرەسە، ئێمەیان بە دەرگا و پەنجێرەوە فڕێدایە دەرێ و ئیستا کە بە ورد و خاشی لەم جۆگەلەدا کەوتووین و تاقەتی هیچمان نییە، ئەو جۆگە پیرە، خەریکە بۆ تەلیسەکانمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئەو هەموو خاڵەیان کوشت و سڕیەوە، بە هەموویانەوە ئەوەندەی مستێک خوێنیان تێدا نەبوو.

# ئەستێرەی تارێک

ئەو خانمە هەراسانەی سـوژدەی بـۆ شـاخی تیژی گا دەهرییەکە دەبرد و جا. ئـەوەی کـە سـێحری کازێوەی بینیوەتەوە و لەگـەڵ زینـدووبوونەوەی هەتـاو، گای دەهری بەرە و چۆڵترین دوور لێـدەخورێت و بێتـو تووشــی خوروویـەکی لیخنــیش بـێ، بـە ڕەنگــی ئـەو سێحرەوە وەهـا هەڵـدەچێت، کـە پـاش لاڵ موناجـات کردنێکی پەنامەگی، ڕووت ئەبێتەوە و شاخە تیژەکە بـزر دەکات لە کازێوە یدا؛ ئەوەی وا لە خۆوە نەبوو ڕایـەکیان کێماوێکی خەنەیی لێ داچۆڕابووە سەر عەرزە پیرەکـە و

وەیزانیبو هێکرا گوێرەکەی ورد و پـرد لـە خوێنەکەیـدا مندار دەبنەوە و ناتوانێ بیانبینێت؛ ئـەوەی کـە هـەرگیز کەس نەیوێرا تەنها جارێـک، لـە ئانوسـاتی زیـارەت بـە سـووری ئـەو گۆڕیچـە غەمگینـەوە وا بـۆ گـوێرەکـە مندارەوبووەکانی بەستوساز کردبوو، خوێ لێ مات بـدات و کەس نەیوێرا پێی بزانێت؛ ئەوەی کە ئیستاش وەزانتی گاکەی ماوە و لەو چۆڵترین دوورەوە، هەر "وەحـەوەح"، "با" بەرە و ئەستێرە لێڵەکە لێدەخورێت و تاریکتاریک لە کازیۆەیدا کپ دەبێت؛ هەر ئەوەی کە کەس نایبینێ تـا وەبیریان بێتەوە کە چیتر جێی نەماوە کاولتری بکـەن و پێی پێبکەنن؛ هەر ئەوە، ئـا! بەم نیوەشـەوە لیخنـە، لـە پشت پەردەی بێ ئەستێرەی تاریکەوە، بووەتە بووکم!

## ئەتکی پەری

ئایەتێکی بەجێماوی پێش سفر

"زانیـت ئەمانـەوێ چیـت بەسـەر بهێنـین، :
لەهەر کوێیەک خوت شاردەوە. نەتزانی بینایی ئێمـە بـە
چاو نیـە و نێونیشانیشـمان بـۆ چییـە تـا هـەر کـەس
ببینینەوە. هەناردمانـە دووت. وتمـان وەگـەڕێیت، لێـت
ئەبوورین، نەگەڕێیتەوە دەتکەین بە داستان. نەگەڕایتەوە.
ناچار بڕێک لە هێزە توورەکانی خۆمان بۆ وەڕێخسـتی و
لە پەسێوی پیسـی کەلاوەیەکـدا، وەگیرمـان هێنایـت.
نەتتوانی ڕا بکەیت لە دەستمان. لە ئاسـت ئـەو نەختـە
هێزەمـان، هـەدات دا و زوو کەوتیـە سـەر چـۆک.
کردمانیتـە بـووکی بوومەلـەر و لـەو ئانـەدا بوومەلـەرت
تەسخیر کرد و بڕیارت دا بـە خۆتـەوە هـەر کوێیـەک
بلەرێنیتەوە. دەستمان لێ هەڵگرتی تاکوو فامی تاریکـت

پەرە نەسێنێت. کەچی شوێنە دەستمان بە فامتەوە، ڕەشوشین هەڵگرا و نەڕانـدت "شـاخ"! وەک لـە تەوقـە سەرتا مولوکولی شاخێک بێدار بوبێتەوە، هـەتا ناوبانگـت پێ دەزرێنێت . ئەوسا موسـیقای زەریاکانـت تەسـخیر کردین و شاخ نـەوێسـتا. ئەوسا کرێوەکانـت تەسـخیر کردین و شاخ نەوێستا. ئەوسا نووکەنـووکی بلوێرەکانـت تەسخیر کردین و شاخ هەر نەوێستا، هەر نەوێستا. هـەر نەوێستا. هەتا بزر بوویت و لە تەلعـەتی بلوێرێکـا خـۆت ناسیەوە و گەڕایتەوە. دەفوایتە نێو تاریکی هەناوی بلـوێر و تاکوتەرا لەم سوچ و ئەو سوچی دنیاوە لێت کۆبونەوە و بە دیار موگناتیزی سـەدای بلوێرتـەوە خـەو هـەمویانی بردەوە و ڕوانی شاخەکەت، ئاوا تـەعتیل دەبـوو. چونکـە ئیتر کەس نەیدەتوانی ببینێ و هەموو عالەم تەسخیرت ببوون. تۆیش ئیتر هەتا هەناسەت تێـدا مـابوو دەفوایتـە سـێحری بلوێرەکـەت و ئێمـەت، تـەنها و ڕەبـەن، لـە یادەکان سڕیەوە."

## بەع!

بۆ رۆشنبیران

جـــەنابی "هـــەر" لـــە وەســـیەتنامەکەیدا نووسیویەتی: ئەڵڵاهو هەقی بەیانی بووە کە کا "هەرگیز" گەیشتووەتە لای و لێی پاڕاوەتەوە، مەرد بێت و بهێڵێـت ئەو پێشی بکەوێت. وتوێتی: هەفتەیەک چییە فرسـەتی بدات، کارێکی ماوە بە ئەنجامی بگەیەنێت. نەکا حـەیای بچێت و ئەوە چیە لە کا "هەر" کەم تەمەنترە بڵـێن لـە خۆکوشتنیش دا لاسای ئەوی کردووەتـەوە. ئیتـر بۆیـە جەنابی "هەر" دەستی ڕاگرتووە و لێیگەڕاوە هەفتەکەی ببێ بە ساڵێک و بە سالانێک، تـاکوو ڕۆژێـک، ئـەڵڵاهو هـەقی بـەیانی دەبـێ کـە پێـی ڕادەگەیـەنن کـە کـا "هەرگیز"، بەو بەیانیە زووە ئاگای لـێ نـابێ کـە کـوڕە چەتوونەکەی لەخەو دەرپەڕیوە و چوەتە بن گوێی بابە و یەکبەخۆی نەڕاندوێتی "بەع".

ئیتر بۆیە کا هەرگیز لە خەو هەڵنەســتاوەتەوە و پیــرە "هــەر"ی بــە ئەمــەگیش ئەوەنــدە لــەو نوێنــە مەلعوونەیــدا گێنگڵــی داوە تــاکوو بۆگــەنی ڕزینـــی جەستەی، بە جارێک گەڕەکێک کاس ئەکات و کاتێک دەچنە سەری، یەکە و شتێک دەڵێت و کـەس نـاتوانێ بفامێنێت کا "هەر" لە نیوەی وەسـیەتنامەکەیدا، دیقـی کردوە.

## بۆ ئاگــە داری

من جۆرێک خورووی لیخنم کە خۆشم نازانم
لە کوێوەم. بەڵام ئاگاتان لە هوشتارم بێت: ئیمشــەو کــە
جنوونی ئەو نوتفە گوناحەتان داخوراند و بەرتان پێگرت،
ئێقباڵەکانی بێداری کووژانەوە. خــوا نەناســێک حــوکمی
خەوێکی سەنگینی بە ڕێوە برد و لەهەناوتانی هەڵکەندن.
دەبێ بزانن من هەر دێم و ئەوە ئێوەن ئیتــر نــابن. ئێــوە
ئەو جنوونە بێدارەتان شەما نەکرد؛ خۆتان ڕەشکردەوە لە
حەینی ئەو وەسوەسە لامەسسەبەدا!
ئێوەن مردوون!

## ئـەپچی

ئـەوە بـۆ مـن زۆر خۆشـترە کـە تـۆ هێشـتا نەگەیشـتبی بحەسـێیتەوە، موبایلەکـەت بـە هیـوای کەسێکی تر جواب بدەیتەوە و کاتێـک بزانیـت مـنم و کاتێک بپرسم "بـۆچی وا هەناسـەت سـوارە؟"، بڵـەی: "هیچ"، بڵەی: "خەریکم ئەچمە دەرەوە."

## ئــــەو

وتیان: دەتبەین بزانین ئـەوی؟ هـەر ئەوەنـدە بۆمـــــان دەرکەوێت "ئەو" نیت، بەرت دەدەین. وتیـان: ئاخر لێرە نابێ. دەبێ حەتمەنە لـەوێ بــــــێت، لـەوێ دەتوانین چاوێکت پێدا بگێڕین و بـاش بـۆی بگـەڕێین. خەمیشـت نـەبێ هـەر بێتـو نـەختێکیش ئـــــــــەو نـــەبـــی تەواوە.

دەی کە بردیانمە ئەوێ، بینیم ئـەوم!

## ئەو قاوەییەی خەریکی جەنابی ئیکسە

ئێمە هەنێک لـە وردکەکـانی دەم ئیکسـین.
دەمێک سـاڵــە جەنابی ئیکسمان لـەعیمارەتێکی نێـو دایکیدا ناشتووە و بە هـــۆی ئەوە کـــە بـە نـامەیەک داوای لێکردبـووین دڵـی خانمەکـەی نـەخورێنین کـە شــــوو بکـــاتەوە و بـاوەڕ بکـەن بـە پاڕانـەوە و تکـاوە ویستبووی نەهێڵین کەس پێبزانێت و تەنانەت بە هـیچ ئـاینێکیش پرسـەی بـۆ نـەگێڕین؛ ئێمـەش هەر وا نەماندرکاند و زۆر ئازایانە ڕێ کەوتین بەرەو خانمەکـەی و وا خۆمان تیا جێکردەوە کـە هـەر وەبزانێـت ئـیکس، خۆی لێ ون کردووەتەوە. تەنانەت نەماندەهێشت هـیچ دەنگێکیشی پێی بگات. بڕواتان هەبـێ هـەر خـولێ نـا خولێک خۆی دەکێشایەوە و یەکبەخۆی دەینەڕاند: دایە! ئێمەش چـی بکـەین؟ هـەر پێمـان دەکـرا بیگـرین و نەهێڵین جڕنووقێک، چنگـــەکڕکەیەک، شتێک بخاتـە گیان قاوەییەکەی خـانمی ئـیکس. ڕەنگـە پاشـگەزیش بووبێتەوە لەوەی وای بە سەرخـــۆی هێناوە و زۆرجـار

خودا خودای بووبێت دەری بهێننــەوە، بەڵام ئێمــە هەر نەمانهێشت و زۆر ئازایانە خنکاندمان. پێویستیش ناکـات کە پێبزانن، نا. ئێمە بە ئەرکی خۆمان زانیوە کە نەهێڵین ئێسکـوپروسکی کاکی ئیکس بەر تیزاوی گیـا و لیکــی خاک بکەوێت، یان خوا نەکردە زەوال لە ئامێزی بگرێت و نەیناســنەوە لـــــە هەنـاوی کـــــــرمەکاندا. حـەتتا ئەگەر پێتان وابێت لە سووچێکی دنیـــــا هەر زینـدووە و خەریکـــە لـــە "ون"ـــــییەکی خـــوێڕیدا خـــۆی هەڵدەسەنگێنێت، دڵنیاتـــــان دەکـەینەوە کە وا نیـە و جـەنابی ئیکـــــس هـــــەرگیــز بـە مـەرەدی ئـــــەو قاوەییانەی کە خەریکن دەیلێسنەوە و بزر بزری دەکەن، ناپێورێت و مادامیش هەر دەڵێن وانیــە، فەرمــوون! بــێ ئەوەی خانمەکـەی بدەینــەوە بـە شــوو، ئەوا دەرکـەی عیمارەتی قاوەییتان لێ دەکەینـەوە و دەهێڵــین وەژوور بکەون، تەنها بـەو مەرجـــەی کە ئێـوەش بتـوانن ئـاوا ئازایانە بمرن و نەمێنن!

ســـــــپاس

هەندێک لە وردەکانی لێوار ئیکس

## جۆرێک غوبار

ئەیوت: تەنها لەوە پەستم کە چۆن خـۆم لـێ نەفام کرد و ئاخری هەر پێم نەوت لـەو گوڵانـەی ئـەو ئێوارە، جۆرێک غوبار هەڵدەپرووێ، کە هامشوێ سەییالی هەوا، دەیانکاتەوە بە خۆیان.

## تــەوژم

:تا بزووتنەوەی دووبارە لە ژێر دار و پــەردووی
ئەو گشتە میچ و دیوارە تێکرماوە بــە دەســت ســاحەبی
بێ ساحەبی ئەو گەردێنە مەلعوونەوە، بە چی بزانی؟

## پیس

چارەکێک دەبوو نەدەبوو سـواری ئەم واگـۆنە ببووین و پێچەوانەی ڕۆژانی دیکەی مێتـرۆ، ئیمـڕۆ زۆر قەرەباڵغ نەبوو کە جەماوەرێکی ئەوەندە زۆر لە نێوانمانـدا بە پێـوە بوێسـتن، نەتـوانین یەکتـر ببینـین. دەیتـوانی بڕوانێتە من. کەچی پێم وا بێ چـاوی لـە سـەر گرێـی برۆی کۆرپەکەی نێـو باوەشـی هەڵنـەگرت و تـا بزانـێ زیندووە و نەمکوشتووە، جووڵەیەکی بە پێیەکانی دا و لە هێمنی کۆشیدا ڕایژەندەوە.گرێی برۆی کۆرپەکەی هـەر نەکرایـەوە و وەک بـە گرێـی برۆمـەوە گـرێ درابـێ، پێکەنیم! پەلەیـەک وەنیگـای کـەوت و دووسـێ جـار تماشـای کـردم و مـن هـەر وا بـە گرێـی بـرۆی کۆرپەکەیەوە تەقـەلام دەکـرد. کـاتێکیش چـاوی لـێ

هەڵگرتم و زانیی گرێکە لە برۆی کۆرپەکەیدا نـەماوە بـە سەر سوورمانەوە تەماشایەکی کردمەوە و تەماشـایەکـی کۆرپەکەی کردەوە. چاوی مۆڵەق ببـوون و دەتـوت بـە چاو تکای کۆمەگ لە مسـافیرەکانی‌تـر دەکـات. هـیچ. کۆرپەکەی هەستابوو لە خەو و پێدەکەنی. ڕاپژەنـدەوە ، کەچی لە خۆوە، دوایەمە ئارام و ڕازی بوو.

دەنگی ڕاگەیاندنی وێستگەی دوایی، خـەڵکی لە خەڵک ون جیا دەکردەوە و یەکە یەکە ونی دەکردن. هەستام. نیگای هەر بەنیگامەوە بوو. ئارام سەرم دانەوانـد و بـەرەو دەرگـای واگـۆنی قـەتارەکـە ڕێکـەوتم. وتـم "خۆزگەم دیسان دەیتوانی بڕوانێتەوە کۆرپەکەی" و تێی ڕوانیەوە. گرێیەک کەوتبۆوە تەوێڵی و سەرسام تەماشای خەڵکەکەی دەکرد، ڕەنگە پێی وابوو خەوی بینیوە و بـە ترسـەوە بـۆ کەسـێکی وەک مـن دەگـەڕا. قەتارەکـە ڕێکەوتـەوە و نەیـدەتوانی تەماشـای دەرەوە بکـات، دەوروبـەری سـەندەڵیەکەی مـن دەگـەڕا. قەتارەکـە خلیسکایە نێو تاریکیەوە و من وەها کە لەگەڵ فیشکەی ئەو دەنگە سەرسامەدا، لـێم بڕەوێتـەوە، برمانـدم: خـوا ڕەحمی کرد.

## پیـــرم

هەرچی بیری لێ دەکەمەوە نازانم بۆ ئەو رۆژە دەتوت سەرم بە گاز گیراوە، لە بەر ئەو بانکەدا وێستام و بیـرم لـێ نـەکردبۆوە کـە رەنگـە ئـەم لـووت خورانـە قیرسـیچمەیە تووشـی گێچـەڵێکم بکـات، زۆر ئاسـایی پەنجەم لە نێو لووتما گێڕا و هەر چـی ژانـو سـەرگرانی بوو، سرِیم بەو دارتێلەی بەر بانکەکەدا و هەر تماشایەکی ئەملاولام نەکرد تا بزانم قەرەباڵغیەکی کتوپڕ روو ئەدات، یان گوێم لە خۆم هەڵگرتایە و هەڵمخستایەتە دەوروبەرم کە ژاوە ژاوێک ببیسم. ئەوەش هیچ. حەتتا نازانم بـۆچی ئیستا کە هاتوون و یەخەیان پێگرتوم کە گوایە ئەو رۆژە

لەگەڵ چەنکەس بانکمان بڕیوە و من لە بەر دارتێلێکی بەر بانکەکەدا ئێشکی هاودەستەکانم داوە؛ ناپرسم تا بزانم هاودەستەکانم کێ بوون، نەوەکا بیانەوێ شەریک بۆ خۆیان دروست بکەن. لە خۆوە پێم وایە ڕاستە وا ناتوانم بێتەوە بیرم کە ئەم چەنساڵە لە کوێ خەریکی چی بووم. تازە ئەوانە هیچ نین، وام لێ هاتووە حەتتا ناتوانم بیریشی لێ بکەمەوە کە بزانم لەمەودوا چی بە چی دەبێ، دەڵێی مێشکم خوت بووەتەوە نێو لووتم...

ئاخ! دیسان لووتم دەخورێ!

## جەنازەیەک

کاتێک لە دیوارەکە جیا ببۆوە، مردبـووا هــەر ئەو کاتە، هەر ئەو کاتەی کە دیوارەکەی بە چنگەکرکێ تەی دەکرد؛ بێ ئەوەی شل ببێتــەوە، ئـاجورێکی بــێ دەسەڵات لـــە ژێر پێیەکانی دەرچـوو. بـە دوو چـاوی خۆی ئەو کوێستانە گوناحەی بینی کەوتە بـەر چڵکــی سەختی ئەو دەم و فلچــە و ئەگــەر نــەیڵێم کــە چـۆن سوست بـۆوە، درۆم کــردووە. حــەتتا کاتێــک کەللــەی بێهودەی لە ژێر باڵی کابراوە خزاند بــەرەو پەنجێرەکــە و وەک بە دیواردا هەڵزنیبێ، چەن ساتێک وا مات مایــەوە و پاشان خۆی دەرکێشا لە ژێــر گونــاحی ئــەو جەســتە

چەن سـانیەییەدا و بـەرەو پەردەکـە ڕژا، پەنجێرەکـەی کـوێر و کـپ کـرد و تـاپۆی جحێڵـی لـەو چوارچێـوە بێچارەدا بزر بوو. حەتتا چـاوەڕوانیش بـوو کـابرا وەدووی بکـەوێت، کـەچی هـیچ جموجـووڵی تاپۆیـەکی تـری هەست نەکرد. ویستی ئـەودیو بکـەوێت و داباریێـت بـە سـەر حەوشـە سـەختەکەیاندا، بـە سـەر چنـارە بـێ ویژدانەکـەی بـەر دەم پەنجێرەکـەدا، بـە سـەر میچـە مەلعوونەکەدا، داباریێت؛ زرمەیەکی بێ گوناح لە کەللـەی مشەوەشیدا، ڕوویدا . هەر بەو حەوایەوە ئـاجورێکی بـێ دەسەڵات لـە کاسـەی سـەریدا مـانی گـرت و دوایـی کاتێـک جەنازەکـەیان لـەو دیـو پەڕژینـەکان بینیـەوە، ژەنگهێنانی ئاجورێکی کتوپڕیان بە هۆی مـەرگی زانـی؛ یان شایەدیش قیرسیچمەیی نـەوعێک قیـری تـواوە و تەلیسێک!

## چارشێوەکـەی

به قۆله ژاکاوەکانم دەور و بەرم کۆ دەکەمــەوە
و وەک دایکێک له دواهەم ساتی دابڕاندا، دەستەکانم به
بنکــی ســەرمەوە، بــه ملمــەوە شــۆر دەبنــەوە. خــۆزگە
ئەیتوانی چارشێوەکەی نەبات و فرێی بدات به سەرما، تا
شەوێکم لێ به سەردا بێت و بەو وێنه نوورانیانەدا که بــه
تاریکی نیگاهی ئادەمیزاد، پەره دەدەن، پــێم بســەلمێت
ئەوا دەگەڕێتــەوە و دەســتی بــەرەوم کێشــاوە کــه پیــر
هەڵمسێنێت.

## چارەسی فام

ئێستا بیێت یا نەیێت؟

سـەرەتا هـەر هێمایـەک بـوو لەشـوێنێکی نادیارەوە و ڕەنگە لە نێو تەمومژی خەستی ئـەو دەمـەو پاڵکەوتنەوە. کەچی تێینەدەگەیاندم دەڵێ چی و خۆشم تێنەدەگەیشـتم. دوایـی خـۆی دەرخسـت و وەدەچـو شوێنێکیشی دابین کردبێـت، کـەچی مـن نەمـدەزانی. ئەوەندە نەبێ نیوەشـەوێکم بیـر هاتـەوە کـە پـاش ئەو هەموو جۆش و خرۆش و هەڵبەزدابەزە، وێڵ خزابوومـە نێو نوێنەکەم و چووبومە شوێن موگنـاتیزی ئـەو دەنگـە پیرەی کە ئیتر لە تاو ماندوێتی بە گـوێ، نەمدەبیسـت: "هەبوو نەبوو، عەرشێکی بێ بڕانەوە و مەملەکەتێکی هەر لێرەوە تـا دەگاتـە کەسـنازانێ کـوێ هـەبوو بـە تـەنها خێوێکەوە کە خـۆی خـۆی دەسـتپێکردبوو. هەڵـبەت زۆریشی پێ چوو هەتا خێوی ڕەبەن بڕیاری دا ئاژەڵێکی هێجگار بکات، بەشکەم؛ کردیشی ها، کەچی زۆریان پێ نەچوو. ئێوارەیـەک بڕیـاری دا فریشـتە و مریشـتەی وا بخەملێنێت، بەشکەم؛ خەملاندیشنی هـا، کـەچی هـەر ئەو ئێوارە بوو. شـەوەکەی بڕیـاری دا جندۆکـە خـۆش بکات، بەشکەم؛ جندۆکانیشی خـۆش کـردن هـا، بەلام

ئەوانیش بۆ تەنها شەوێک بوون. هـەتـا ئـاخری دەمـەو زووەئانی کازوکووزی بـەیانیـەک-لـە خـەو ڕاچـەنی و هاواری کرد لە تۆوی خۆی بنێنەوە. ئەوسا بە فریشــتان قوڕ هاوردرا، بە ئـاژەڵان قـوڕە شـێلدرا و بـە جنـدۆکان شایی ساز کرا و جا دلۆپێکی مەجبوری خۆی بەخشـیە نێو قوڕەکەوە و..."

ئیتر کاتی کڕنوشە بوو کـە ناگـەمێ و دەبـێ بگەڕێمەوە. یەکەوڕێ خۆم دەبینمەوە، درێژدرێـژ تخێـڵ بووم و تا من کوناوکونێکم کردووە، بە سەرما سـێبەرەی داوە و پەنجەی شایەتمانەی ناوەتە سەر هەنیـەم، نێـوان پێوەستی برۆکانم. چی جمەم بێت و نقـەم بێـت، ئیتـر ناتوانم بەرز ببمـەوە و هێـزی مـن و هیـزی ئـەو تاقـە پەنجەیە کوا وێکدێنەوە؟ دەنگیشـی هـەر لـەوەدا نییـە، وەک بێتو هەنێک کز بێتـەوە، بە یەکجـاری کرۆکـەپم بکات و...

: [سەرەتا هەر هێمایەک بووین لـە نادیـارەوە. بیانووت هێنایەوە تێت ناگەیەنین، دیار کەوتین. وتت بـە ڕووناکیمـان خـاپوور دەبیـت، چووینـە هەیبـەتی هـەر شتێک کەوا پڕ بە نیگاهت بێت. خۆت دا لـە گێـژی و گەلحۆیی و بە گێژیتا خۆمان پێ دەورە کردییەوە. ئیتـر تخێڵ هاتیتەوە و دەمێـک بـوو هاتبوینـەوە و هێمامـان نابووە سەر تەوێڵی بەزیوت. پڕ گلەیی بـووی لـە هێـزی سەر بەمۆرمان. لەخۆبایی و فیزت هەر لەوەدا نـەبوو کـە بفەرمووین"ببیت"، ناچار بڕیارمان دا: "نەبیت".]

## چــش

سـەیری هـەر لایـەکیش دەکـەم، ئەموسـتە چاوێکە سەیرا! دەستەماشان وەڕێ کەوم و نەکەوم، بـەر پێم هەر تـەمتومان دەبێـت و بـەر بینـاییم، چـش لـە ڕووناکیەکی کـزیش. بڵەیـن لـە دوورەوە سـۆمایەکیش بەدی بکەم و نیگامی تێڕاگرم تا ڕێی بۆ دەکەم. دوایەمە دەزانم ئەویش پێی ناچێـت و خێـرا دادەمرێتـەوە. ئیتـر دەبێ بوێستم تا سۆمایەکی کزی دیکە، دیسـان خـۆی دەنوێنێتەوە ؟

## چـلوان

هەر ئەو ڕۆژەمان ناوی لێنرا[بوو]: ڕۆژی گوڵـە مێلاقە! مـن لەمپـەڕ كـۆڵان لـە ئاسـت كـاڵینی ئەودا وێستا[بووا]م و دیـ[بووا]م كـە بە گـوێی مەلۆتكەیەكـدا برماند[بوو]ـی: مێلاقەكەم! و مەلۆتكەكە پـڕ بوا[بـووا] لـە پەڕی وەریوی گوڵە مێلاقەكانی ئەو هاوینە. بەو تاوەنگازە سەرگەزە، هەر ئەوەندەم وزە مـا[بوو] وەریـبكـەوم و لـە ڕێت بوێسـتم تـا لـە شـار وەدەر دەكـەوین بـۆ پەیـدا كردنیان. كەچی تۆ لـە تـاو وەگیـر نەكـەوتنی مێلاقـە، درەنـگ وەدەر كەوتـ[بوو]ـیت، ـو ڕەنگـە وەدەریـش

نەکەوتـ[بوو]ـیت- کـاتێکیش ڕۆشتـ[بوو]ــین، بـە دەم گاڵتــە و گەپــەوە، لــە هــەنێک دووڕیانــدا بــە هەڵــە چوو[بوو]ـین و ڕێیەمان ون کرد[بوو]. نا. پـاش ئـەوەی چی دووڕیانە ڕەتمـان کرد[بـوو]، مـن تـۆم لـە نێـوان دەشتێکی هێجگار گوڵە مێلاقـەی سـیس و تاوەنگـازدا ون کرد[بوو]. ناچار لەچکە تاڵەکـەتم لـە بـەر گوڵـەکانا ڕاخستـ[بوو] و وتـ[بوو]ــم پێیـان: "بـوەرن! تـا هێزتـان نامێنیَ ئەوەندە بوەرن کە هێزتان نەمێنیَ" و تەنها گوڵـە مێلاقەیەک وەریـ[بوو]ـە نێو لەچکە با بردەکـەت. ئەریَ. مەلۆتکـــەم کرد[بـــوو] و گەڕا[بوو]مـــەوە. لەوپـــەڕی کۆڵانەکەتان ئـەژنۆم شـل بو[بـوو] و دا[بوو]مـە کـوڵی کاڵین. تەنها ڕۆژی ناولێندراو[بوو]ـە و تاریکت کرد[بوو]م . کوڕێک لەو پەڕ کۆڵانەکەوە بە جامێکی چـل‌کلیـل بە دەستەوە و مەلۆتکەیەک بە باوەشەوە، وەدەر کەوتـــ[بوو] و من زوو زانیم هەر چـل کلیلەکـە بـیَبەختەکەی ئەو جامە وەریـ[بوو]ـن و مەلۆتکەکەی ئەوەندەی نەماوە...

خەرفاو

خەتای خۆم بوو. هێشتاش نازانم چۆن بوو وەها بە ڕێکەوت لەگەڵ قورمساغیوادا ئاشنا بووم و کە تەماشای دەوروبەرم دەکەم دەبینم نا، من هەر لە ئەزەلەوە لە تەکیا ئاشنایەتیم هەبووە و نەمزانیوە. یان کەس نەبووە پێم بڵێت "هۆی! خەواڵوو! ئاخر سەرئێشەتە وەها خۆت دوا دەخەیت؟" ئەمە ئیتر چ وەسیەتێک بوو، دڵ و گورچیلەکەم خستە بەر دەستی دوو بەتەماعی وا؟ نا. من نەمدەزانی وەهایە. من هەر

ئەوەندە پێم وتن "فلاَنی، تینووی جۆرە تیزاوێکم و بەم زووانە هەڵیدەقورێنم. جا پێش ئەوەی تەواو بم، ئەوە پارە" و حەتتا خەرجی خەستەخانەکەیشم خستە پای خۆم و ئەمویست دڵ و گورچیلەکەم پێشکەشی دوو موحتاج بکەم و ئەوان ئاگەدار بن. هێشتا سەد ڕەحمەت لەویتریان، خێرا درکاندی کە چەنای چەن ساڵە گورچیلەی نیە و بە ئومێدی گورچیلەکانی منەوە ماوەتەوە. منیش پێش هەر شتێک لە شارێکی دوور و بە دەست هەندێک پزیشکی نا ئاشنا، گورچیلەکانم پێشکەش کرد و کوێر بم ئەگەر نارازیش بووبم.

پیرەی خەرفاویش ئەوەتا لەم ژێرخانەی حەپس کردووم و وێستاوە بزانێ کەی دڵی دادەکپێ، دڵی من بنێتە جێی و کێ چووزانێ شەوێک بێ ئەوەی کەسی بە دەورەوە بێت ڕەقهەڵنەهات. وام لێهاتووە تەنیا لەوە دەترسم کەس، شکی بۆ ئێرە نەچێت کە هاکا لێرەش نەختێ میراتی لێ بەجێ بمێنێت!

## دنیـــادیل

قینم لە خۆم دەبێــتەوە، کاتێــک بیــری ئــەو هەموو بێ نان و ئاو سەرکردنە دەکەمــەوە و هێشــتاش تامی نەگریسی ئەو ئاو و خوێیە دێتەوە بیری مەلاشووم. دەمهەوێ بیلێم. بـزانم گونـاهی ئـەم کاغەزانـە چیـە، وا پیلەیان پێ دەگرن و دەبێ تێیان گەیـەنم: ئەوەنـدە بـە خراپە نەڕوانیە ڕوونی وا، کەچی نازانم چۆن! ئەزانم سـەد ساڵ دانیشـم بـە هـەزار زوبـان پێیـان بڵـێم "چـەنای چەنساڵە ئەم کاغەزانە لە ئارەقەی دەستما ئەملاو لایـان پێ دەکرێت و ساڵی سەد جار، دەخووسێن و وشـکیان دەکەمەوە"؛ ئەزانم چی کاغەزە لە بەر چاویانـدا بیگـرم و یەکەم نوقتەی سووچێکی ئەم ڕووناکیە بهێنمەوە و بڵێم: "ئەها!"؛ ئەزانم هەر چـەنێک هـاوار بکـەم: "دەمهـەوێ،

بەڵام نانوسرێن"؛ باوەڕ ناکەن و دیسان پاش ئەو گشتە گوشین و مستەکوتێیە، پاش ئەو گشتە جڕنووقە جەرگبڕانە بە دەمی موبارەکی ئەنبوڕدەست، لە گەڵ هەلێکی دیکە، بەجێم دەهێڵن و هەر کەسێکیان پێویست دەبێت بۆ ئەوەی پیلەی پێ بگرن و خەشی خۆیانی پێ بڕێژن. ئاخر چۆن قینم لە خۆم نەبێ کە ئیستاش هەر ئەترسم بێنەوە و هیچم نەنووسیبێت؛ کە هەر خەریکم بیریان لێ دەکەمەوە و دەمهەوێ بزانم لە کوێوە هاندراون لێم و کێن، تا لە دانەیەک لەو نوقتە نەگبەتانەوە دەست پێبکەم.

ئاخۆ بیانهەوێ کێ بم؟

## سێبەری سوور

دەنگە غریبەکەی، شیشـەی ئوتوبووسـەکەی هەڵدەتەقاند و ڕێک لە چەقی مەیدانەکـەوە ڕێدەکـەوت تا ترافیکە نەحسەکەی ئیمە! دەینەڕاند "لـە کـوێی، لـە کەیـەوە کوشـتوویانم و هێشـتاش نـەمتوانیوە لـەم چەقەچـەقی مەیدانـە بتـرازێم" و ئێمـە بـە دەوری مەیدانەکـەدا دەخولاینـەوە. نێـومی دەنەڕانـد و بیـرم کەوتەوە[بەیانی زوو کە لە یەک جیا بووینەوە، یەکەوڕێ بەرەو ئەو کۆشکە ڕێکەوتم کە دەبوو تێلی تەلەفوونەکانی

چێک بکەمەوە و بیانگێڕمەوە بۆ ماڵەوە . ئەرێ زانیم لـە ماڵ نین، بە سەر دەرگاکەدا ئـەودیو کـەوتم و هەسـتم کرد لووتم بە بۆنی رووداوێکی سـەیر، خەریکـە بزێـوی دەکات. کابرایەک بە قاچێکەوە لە ئەسـتوونی لایـەکـی عیمارەتەکە هەڵواسرابوو، بێ سەر و بێ کڵاو. لێی نزیک کەوتمەوە . پێش ئەوەی سـڵاو بکـەم نەڕانـدی"سـەرم سەرم" و زوو زانیم بە تەڕدەستیەکی زیرەکانـە سـەریان تەپاندووەتە نێـو زگیـەوە. بـە پێکەنینـەوە دەسـتم بـرد دەریکێشم، کەچی قژی پێوە نەبوو. ناچار پیکێکم پەیـدا کرد و زیاتر لە چارەکێک کەوتمـە کوتـانی نێـو گـەڵی. سەری بە گریـان و رۆڕۆ دەرپـەڕی و بـە مەمنونییـەوە چاوەڕوان بوو قاچەکەشی لە سـتوونەکە جیـا بکەمـەوە، کەچی فریا نەکەوتم. خانمێک بە تەلەفوونێکەوە لە بـەر دەمما سەوز بوو. تەلەفوونەکەی لە تەپڵە سەرم سرەواند. وەک سـەرم لـێ ون بـووبێ، هـەڵهاتم و هێشـتا حەوشەکەم تەی نەکردبوو تا پێم وا بوبێت بە دەروازەکە گەیشتوم] نەڕاندبوی برا رۆ و هەر لـەتێکی بـە تایـەکی دەروازەکە کرابۆوە. ئیتر چـۆن تێمگەیاندبایـە لەمەیـدانی هین، لە ترافیکێکدا مندار بووینەوە، هەر دوکمان؟

## ڕازی

بۆ؟ وەدەزانــن نــاکرێ ئێمــەش پیرەژنێکــی وا ڕازی بکەین و چارۆگەیــەکی بــدەینێ تــا لــە بــەر دەم مزگــەوتێکا بۆمــان ڕابخــات، گــەداییمان بــۆ بکــات و مانگانەی خۆی وەربگرێت؟

# دیواری هێن

دەستم بە زبرانیەکەیدا هێنا و لە بەر خۆمـەوە برماندم: "من و تۆ هەتا ئیتر نەمانمێنیێ، قسەمان هەیە و خـۆت باشــتر ئـەزانی چــەنجار بــۆ دەبــەت گریــاوم". وتــی"هـــــــا؟". وتــم: "هــیچ. بیــر لــەو کــۆترە باریکــە دەکەمەوە کە ئەم بەیانییە بە منــارەوبوویی وە ژێــر پــێم کەوت. سەرمای خۆینەکەی هاواری ئەکرد کە هــەرچی جارە بۆ دیتنەوەی ئێسکوپرووسکی جووتەکەی دێتــەوە و لە بەر ئەم دیوارەدا ئەوەندە بــێ دانوئــاو ســەر دەکــا، هەتا مندار ئەبێتەوە". [سوێرایی لە چاوم چـزا]. برمانــدم: "تا بلەی ئاگات لە سوور بووە و ئەها ئیتــر دیــوار نییــت، دەبەی!". وتی: "کێ؟"

وتم: "ئەڵێن لەودیو ئەم دیوارەوە، ئەو مجێــورە هەر خولێ نا خولێــک نــانوشــەقی دەرخــواردی ژنــی بێوڵەتی داوە و چەنێک شەو گوێیان لە دەنگی تــاریکی بووە بەر هەڵدای کردووەتە گیان هاوسێکانی، ئەمە چیــە ئەو ژنە سەر بەگازگیراوە نەیهێشتووە خاکوخـۆڵی بــەر

ئەم دیوارە قورگی ئەو مەلۆتکە بەستزمانە بخورێنێت". وتی: "چی؟" ناڵاندم: "هەر چی دەگەمەوە ئێرە دڵم دادەخورپێ لە گەڵت، دەڵێی بە ڕووخانی یەکترەوە بەندین. کەی بوو هەر دوکمان گوێمان کەیلی گریانی ئەو مەلۆتکەیە بوو؟" لەرەیەکی وەشانم خست. وتی: "چاوکە! ئاوا ئەبێ: کە هەواڵەکە دەبیستم، بە پڕتاو خۆم دەگەیەنمە لاتان و کە تەماشا ئەکەم لە بەر عیمارەتێکی سەختتا ئەژنۆم شل بووە. شتێک ڕووخاوە لێرەدا و خەڵک ئەڵێن دیوارەکەتە. دائەنووشتێمەوە و بە گچکە بەردێک تەقە لەو گاشە بەردە هەڵدەستێنم کە زگی پێ دابوون و بووەتە خنجەرەت". وێردێک ئەبرمێنم و ئەڵێم: "هۆی، فیساری! دیتبوویان بە دەندووک هەڵیگرتوویت و هێناوتی تا لە کن یادی نێرەکەی فڕێت بدات و لە بەر لۆمەی خەڵک مەلۆتکەشی کردبوویت...". وتی: "بوێستە. چیت داوە لەو عیمارەتە جوابم بدەوە؟ بۆکوێ؟ پێی تێ نێی ئیتر نابێ بێیتەوە دەر ها! تازە ڕووخاوە. مەرد بە پێم بڵێ..." وتم "نا. نا. کێ ئەڵێ من پڕ بە دیوارەکەم بڕم کردووە؟".

## دەرەتـــان

نا من خۆم نەکوشتووە جەناب! من ڕێک لـەو کاتەیدا کە ئێوە دەڵێن، چووبوومە سەفەر و لە گەورەڕێی تاریکیەکدا گیرم کردبوو. دەتانــەوێ پێتــان بســەلمێنم؟ ئەوە جلەکانم تەپوتۆزی لە ســەر بوەتــە قــوڕ و ئــەوەش سیمام هێشتا چرە دووکەڵی ئوتومبیلەکانی گەورەڕێی بە سەرەوە ماوە. بۆیە ناویشم نیە لە لیســتی موســافیرەکانی هیچ ترمیناڵێکدا، چونکە خۆشم نــازانم چــۆن بــوو لــەو بیابانەوە کەوتمە ئەو گەورەڕێیە و ئوتوبوسێک بە خێــری خۆی هــەڵیگرتم. ئەشــتوانن بانگــەوازێک بکــەن، بــزانن دوێشەو کێ لەو ڕێیەوە ڕۆییوە، بۆتــان دەر ئەکــەوێت و بێ گومانم پێتان ئەڵێن کەچەن سەعات لەمەوبەر منیان هەربەم جلانەوە لێرە، دابەزاندووە و ئەها خۆ من هێشــتا نەگەیشتبووم لە ماڵەوە دانیشم هاتن بە شوێنما. کەواتــە ئەگەر مــن بــەر لــە دوێشــەو گەیشــبێتمەوە و بڵــەین دوێشەو کەسێکم کــوژتبێ، دایکــم بــەو ڕاڕاییەیــدا کــە هەیەتی -لانیکەم- جلەکانمی شۆردبوو... ها؟

## چۆن

ئەگەر بێتـو رۆژێـک بمـەوێ بزانـی خـەتای قیرسیچمەیی ئەو قیرە تاریکە بووە کـە لـە منداڵیمـەوە نەمتوانیوە ئەم پێسـتە پـیس و غەریبـە بـە سـیمامەوە هەڵکەنم، چۆنت پێ بڵێم؟

## کۆترەکانی کا نووسەر

لە ریۆرەسمی ئەسپەردە کردنی کا نووسەر دا، هەموو سەرۆک کۆمارەکان و وەزیر و ئیسکۆرتەکانیان و بگرە زۆربەشیان بە ژنەکانیانەوە کۆ بـوونەوە و هەر یەکەو پەیامێکیان پێشکەشی تابووتەکەی کرد. ئێمە ناڵێین ئەو هەمـوو پیـاوە سیاسـیە هیچـی تەنـانەت لاپەرەیەکـی کتێبەکـانی کـا نووسەریشـیان نەدیتبـوو، بەڵکـوو راوێژکارەکانیـان ئەو پەیامانەیـان بـۆ سـاز دابـوون. بەڵام ئەوەندەمان لە سـەرە راگەیەنـین کـاتێ کـا نووسـەر بە گوێی کتێبە بێچارەکەیدا نەڕاندی و دوا هەناسەی دوای نارەتەکەی بردەوە لە ژیان، ئێمە کۆترەکانی ئێـوارەیەکی دڵهەژێنی ڕۆمانەکەی، کە بە منداربوونەوەی دانەیەک لە کۆترەکانمان لەو ئێوارەدا، جۆرێک خەمـۆکی نیشـتبووە باڵەکانمـان و دەتـوت چـاوەڕوانی زینـدوو بـوونەوەی

هاورێکەمانین و ئەوسا نەمانـدەزانی کـا نووسـەر بـۆ ئەو ئێوارە ئێمەی لەوێ کۆ کردەوە و ئەو دانەمانی کوشـت؛ خێرا بەو نارەتە، وە خۆ هاتینەوە و پێکڕا تەرمی منـدارەو بـووی کۆترەکەمـان بە دەنـووک هەڵگـرت و کەوتیـنە باڵوەشان بەرەو ئەم دیوی ژیان. جـا پـێش ئەوەی ئێـوە جەنازەی جنوونلێنیشتووی کا نووسـەر بنێـژن، ئـێمە هاتین و لە گەڵ تەرمی کۆترەکە گۆڕیمانەوە و بردمانەوە بۆ ئەو ئێـوارەی ڕۆمـانەکە. بـۆیە ئەگەر ئێـوە لە دەنگـی کەڕەنا و هەرا و زەنای میکرۆفۆنەکـان خافـڵ دەبـوون و سەیرێکی ناو تابووتەکەتان دەکرد، دەتانزانی تەرمـی ئەو کۆترەتـــان ناشـــتووە، نەک تەرمـــی کـــا نووســـەر.

## کـپـتر

هەرچی دەکەم مۆجیزەیـەک لـە دووگمـەی
ئەم شیشە نەگبەتانەدا ڕووبـدات و لـە خراپـی خـڵاس
بن، تا دەنگم بـە یـەکێک بگـات، ناکرێـت. دەرگاکـان
قوفڵیان کردووە و هەراسـانم. ئاگـام لیێـە یەکەیەکـەی
ماشێنەکانی دەوروبـەرم لـە ترافیـک خـڵاس دەبـن و
هــەمووی ڕوویــان لــەو پــەڕی شــەقامەکەیە و بــە
لایەکی‌تردا، فیشکەدەکەن. دەنەڕێنم **"کاکە،کاکە"** و هەر
گوێشـی لـێم نیـە، کاکـە. چـاوێکی هـەر لـەو بـەرە و
پێدەکەنێت. شیشەکان بە مست ئـەکوتم و ژنێـک بـە
ماشـینێکی پەمەیـی، بـەلاما تیـژ تێدەپـەڕێت و کـە

ئەوپەڕی شەقامەکە دەبینێت، هێواشــی دەکاتــەوە و بــە لاچاوێک تەماشای مستەکوتێی من دەکات. دەســتێک با ئەدات. یەعنی"تۆ دەردت چییە؟" و ڕێدەکەوێتەوە. لەو بەری شەقامەکەوە پیاوێک، ڕووتوقووت هەڵدێت و وەک بیەوێت بپارێتەوە، دەســتی بــەرز کردووەتــەوە و پــڕ بــە شــارەکە دەنــەڕێنێت و هەڵــدێت. کــەچی نــە دەنگــی دەبیستم نە لەجێی خۆشی دەبزوێت.

دەڵێی لەبیر چومەتەوە.

## شاری بێ ساحەب

وتم: "سەیرە بە لامەوە؛ ئاخۆ چـۆن زانیبێتـی ئێمە هەر یەکە و لە سووچێکی ئەم حدوودە تێکچڕژاوە خۆمان لێ حەشار داوە؟ ئاخر ئەزانی بۆ؟ هەر من مابووم قوژبنێک پەیدا بکەم و بۆ هەمیشە خۆمی لێ ون بکەم. کەچی زرەی زەنگی تەلەفوونەکە نەیهێشت جێی خـۆم لە تاریکیەکدا خۆش کردبێت، کێشامی بەرەو خۆیـەوەو کە هەڵمگرت، ئەرێ، خۆی بـوو، نەڕانـدی: "قەراقـەرا ، بێم؟"

## زووتر

خۆزگەم باوکم جارێک دەمی دەکردەوەو دەیوت: بۆچی ژیان لە خۆت وە درەنگ ئەخەیت؟ هاتووە، زرموکوت دەرگات دەناڵێنێت؛ چوویتە سەر دیوارێک و چاوەڕوانی چەن ساڵ درەنگتریت؟ زووکە بیبڕەوە!"

## قـومـار

دیسان هەر خۆم و خۆی بووین و چـەپکێک وەرەق. نەیهێشت من دەستەیان بکـەم، ئـەیزانی جـوان بڕی نادەم. پەنجەکانی -بـێ ئـەوەی تەماشـایان بـکەم- دەلەرزین و دەمی وشک بووبوو بە تکا. وتی ئیمشەو لـە سەر چی بێ؟ نەمزانی بڵێم چی و ڕووم نەهات بڵێم خۆ هیچمان نـەماوە، ئـەها ئـەو مووزاییکـە چـۆن پێسـتی زێڕینی لەشت عەزیەت دەکـات. وتـم: "هـەر چـی تـۆ بیلێی". کەچی عەسڵەن بیرم لە دواهـەم ئومێـدی بـێ سەرەنجامم نەکردبۆوە. وتی"کردن" و بێ ئەوەی گـوێی لێ بێ، زانیی دڵم دائەخورپێت و سارد ئەبمەوە، سـاردتر لە ڕوحی موزاییکەکان. هێواش ناڵاندم بـاش و دەسـتی

ئەووەڵ و دووهەمم دۆڕاند و دەبـوو دووڕا "نەکـەم". بـە تووڕەییەوە ناڵاندم: "بیدە من، قەینا نـازانم جـوانی بـڕی لێدەم" و دەستم بۆ کێشـا. لـە دوورەوە فڕێـی دا و بـێ ئــەوەی بیهــەوێت، زانیــی دەســتم دەبــێ بلــەرزێت. وەرەقەکانم کۆ کردنەوە و لەگەڵ بڕدانــی، وێنــەی لێڵــی خۆشاییە تەزیوەکـەی کـە بـەر ببـۆوە سـەر سـەرمای موزاییکەکە، زێهنمی کڕاند. بێ ئەوەی بڵێم لە سـەرچی، دەســتمان پێکــردەوەو وەک بمــەوێ تۆڵــەی دووجــار "نەکردن" بکەمەوە، گرژ و جددی کەوتمە کـایە. ئـارام ئـارام شـا و وەزیـر و سـەرباز و خـاچ و هـەمووی بـەر دەدانەوە، ئەتوت هەموو وەرقەکان بەوە و ئیتر ئیمانی بـە سیحری پەنجەکانی هەیە کە تازە لە یەکـەم دەسـتەوە وەرقــەکانی بــۆ کــەوی کــردوون. ئــەمجارەش هــەر دۆڕاندمــەوە. وتـم: "بخــەوین؟"، وتـی: "نـا، نـابێ خـەو بکەیت". وتم: "ئەی جلەکانم کـوا، بچمـە دەر؟"، وتـی: "نابێ جلت مابێ، لە بەری ئەکەیت". وتی: "نابێ لە ماڵ دەرکەوی، خەڵک دڕدۆنگ ئەکەیت". وتم، ویستم بڵێم... وتی: "نا، نابێ بتەوێ قسە بکەیت".

## کاڵتەجاڕ

تەویڵم دەنا بە هەر شتێکەوە، دەمویست بـزانم ئەو زیکەزیکی سەعاتە لە کوێوە دێت، بەشکەم خێرا لـە خەو ڕابم. دەمبینی کچێک بە قۆڵێکی قرتـاوەوە خـۆی دەگەیاندە قوژبنی دیوارەکە و جێـی قرتـاوی قۆڵەکـەی دەنا بەو تەریکەوە و دەیویست ئاوڕێک لە من بداتەوە تـا تێم گەیەنێت: ئەوێش نیە؛ خاناخا نیگـای بـە دەرگـای نیـوە ئـاوەڵا دەگیرسـایەوە کـە تەپەتـەپی هـەنگاوێکی قورســی ڕادەگەیانــد. کەســێک جیــڕەی لــە دەرگــا هەڵدەستاند تا لەبیرمان بچێتــەوە کـە لـە شـوێن چـی دەگــەرێین. ســەر ڕووتەیــەکی کۆســتە کــە تــەنها کۆرسێدێکی لە مەمکەکانی بەستبوو بـەس. یەکـەورێ خۆی خســتە ســووچێکی پشــت دەرگاکـە و ســینە و مەمی نا بە سێبەری قوفڵی دەرگاکەوە کە کەوتبوە سەر درزێکی دیوارەکە. ئەو سا هەر دوو دەستی بەرز کردەوە و تێی گەیانـدین کـە لـەوێش نیـە و ئێمـە تەماشـای دەستی بێ دەسـەڵاتیمان دەکـرد، کـە دەرگاکـە ونـی کردبوو. باوەگەورەیەک بە گوچانێکـەوە وەژوور کـەوت و ڕێک سەری ڕاوەشاند کە: "نیە" و پیرەژنێک بـە دوایـدا

پەیدا بوو. ئەوسا پێکەوە بە سەر سورمانەوە بینیمان کە لە بەر سێبەرەکەی باوەگەورەدا کزوڵەی کرد و بوغزێک قورگمی گووشی و ئیتر تاقەتم نەما تەماشای ئەو ژنە رووتەش بکەم حەتتا، کە بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە ناو گەڵم و پاش قەیرێک مڵچە مڵچ قیژاندی: کوا ؟ خۆ لێرەش نیە. کچە بێ قۆلەکە ویستی بە هاوارییەوە بێت، کەچی زیکەزیکەکە نەیهێشت دەنگی دەربێ؛ نائومێدانە، وەک ویستبێتی درزێکی نادیار داپوشێ، قۆلی نایەوە بە تەریکی دیوارەکەوە و خەوی لێ کەوت. شایەدیش تەنها بیری لە ژاوەژاوی نزیک بوونەوەی هەزارەها دەنگ دەکردەوە کە دەهاتن تا قورمیشی سەعاتەکە پەیدا بکەن و خلاسم کەن. ئم . ژوورەکە پڕ ببوو لە سێبەرەکانیان و ئەوەندەی نەدەما ساحەبی یەکەیەکەی ئەو سێبەرانە خۆی پێدا بکەن. ویستم تەویڵم لە دیوارەکە هەڵکەنم و لەو نیوە کورە بپارێمەوە قونێ بە دەرگاکەوە بنێت؛ نەمدەتوانی! دەبوو جۆرێک باوەگەورە تێگەیەنم ئەو دەرگایە، بۆ داخستن، هەڵگەڕانەوەیەکی گۆچانەکەی ئەوی بەسە، وەلێ چۆن؟ ئاخر خۆ هەموویان بە تەویڵمەوە بەنبوون! ناچار گێنگلێکم دا و بە دەم خەونەوە، قورمیشی سەعاتەکەم هاتە دەست و زیکەزیک بڕا.

دوایی خاناخا رۆژێکی دیکەم دەست پێکردبوو.

## قورستر

ئاخۆ کێ بێ؟ [کاتێک زرەی تەلەفوونی نێو دووکانەکە، بەرز بۆوە، ئیمە لەو ناوە خەریک بووین روومان دەدا و من وتم. گوازتبویانمەوە و کەوتبوومە لا شانی ساحەبی زەنگەکە و وتم: "هەڵیناگرن" و وەک گوێی لێم بووبێ پێکەوە قامکمان نایە سەر دووگمەی داخستنەوە. قەیرێکی زۆر بیری لێ کردەوە و من وتم "واناخوا". رەقەمێکی دیکە و وتم: ئەمەیان هەڵیدەگرێت. دەشێ خۆی بێت، ها.. بڵێ "چۆنی". وتی. بە دڵێکی تەنگەوە وتم: "باش نیم، چیتان دەوێ" و تا تێگەیشتم ئەڵێم چی، دەستی پێکردبوو. پەنجەکانی لە نێو لینگیا

ده‌هــاتو ونتــر ده‌بــون. پشـــتم تــێ کــرد. ئاهونالّــه‌ی مشه‌ووه‌شی بێ تاقه‌تی کردبووم و ئه‌مویست ده‌ســتێک وه‌ســه‌ر شــانی بخــه‌م و نــه‌هێڵم، کــه‌چی نه‌مــده‌توانی. هه‌ستام. وتم: وا چاکه بچمه‌مه به‌ر ده‌رابه‌ی دووکانه‌که و ئیتر هیچمان نیگه‌ران نه‌بین و نه‌ڵێین خه‌ته‌رێک ئــه‌وه‌تا له‌و دیو ئه‌م زه‌نگانه‌وه هه‌ڕه‌شه له‌م دامزرانه‌مان ده‌کـات. که له جێی خۆم ڕابووم، نالانـدی "ئـاه! بتخـۆم خـۆت قورستر که..." و ڕشامه ده‌ر . گوێم له ته‌قــه‌ی دانـانی ته‌له‌فوونه‌که بوو. به ده‌نگێکی له‌رزۆکه‌وه لــه بــه‌ر خــۆوه وتی "ئاخۆ کێ بووبێ؟ نه‌چێ حه‌یام پێوه نه‌هێڵێت ؟"] وتم "نا. خوا ئه‌یزانێت. خۆ ئه‌مه زیاتر له چه‌نساڵه هــه‌موو شــه‌وێک ته‌لــه‌فوون ئــه‌کات" و خــه‌ریک بــووین لــه ده‌رابه‌که دوور ئه‌که‌وتینه‌وه.

# کــار

نازانم قەت بووبێ بیرتان لە کار کردبێتەوە یان نا. وەلێ من خۆم کارم زۆر پێ سەیرە و سەر لە کـاری دەرناهێنم. بۆ نموونە زۆر جـار کـە دووکانێـک دەبیـنم، چەندین دەرگا بە دیوارە کانیەوە لە دیکۆڕ گیراون، خێرا بۆ نیگای کابرای دەرگافرۆش دەگەڕێم و بە خۆم دەڵـێم ئاخۆ تـا ئیسـتا ویسـتبێتی نیگایـەک بـەو دەرگایانـەدا بخشێنێ و بیر لە چارە نووسیان بکاتەوە، کە پێـدەچێت رۆژێک لە سوچێکی دانەیەک لەو دەرگایانـەدا مناڵێـک وەدنیا بێت؟ یا نەخەیر و منالێک بـە مردوویـی وە دنیـا

بێت! بۆ نموونە، سەندەڵیەک لە ژێر خۆیدا فڕهەڵدات بـۆ دنیا و هێواش، هەڵچێت لە زەمیری. ئـاخۆ یـەکێ لـەم دەرگایانە بتوانێت نەبزی ئەو سەندەڵیە لـە چوارچێوەیـدا بـۆ کـابرا بگێڕێتـەوە، تـا هـەر لـە ئیسـتاوە، سـەندەڵی بفامێنێت؟ بزانێ پێدەچێت ئەو کەسەی کـە سـەندەڵی دروست ئەکات، بیر لە هەموو ئەو بنیادەمانە بکاتەوە کـە لە سەر سەندەڵیەکانی دادەنیشن و بۆی هەیە زانیبێتـی کــە ڕۆژێــک دەرگافرۆشــێک لــە ســەر دەنکــێ لــە سەندەڵیەکانی دەسکردی ئەو، پشوو دەدات و کەسـێک لە بەر شیشەی دووکانەکەیەوە ئاگای لێیەتی و ئەو بیر و ڕایەی کە نایهەوێ بیکاتەوە دەیسەلمێنێت و بە جۆرێک بە گوێی کەسانێکی دەگەیەنێت، کـە کابرایـەک هەیـە ئەوەندە دەرگافرۆشە، حەتتا پێی خۆشە بە جلـو بـەرگی بەریەوە، لە گۆڕ بکرێت و کفن نەکرێت.

ئاخۆ **"کار"** بتوانێت بیـر لـە کفـندروویـەک بکاتەوە کە ڕۆژێک دێت نازانێ ئەم پیاوەی وا کفنـی بـۆ دەپێویێت، ڕۆژگارێک، دەرگایەکی بۆ دروست کردووە؟

# قوڵە کۆتێک لە بادا

هەڵدەبەزیەوە لە ژێر هامشۆی سەنگینی ماشێنەکاندا و دەتوت لە خۆشی گەرمایەکی نزیک، پەلەپیتکە ئەتەقێنێت. ژنێک ئۆتوماتی شیشەکەی بزواند و بە فیزێکەوە، کوتە پارەیەکی شەقورەقی بۆ هاویشتە خوار، کەچی هەر خۆشی نەکرد بە ساحەبی و هەروا لە هەڵبەزدابەزی خۆی خەریک بوو. ئەگەر جاروباریش ماشێنێک بە سەریدا فڕکەی بکردایە، هەر ئەوەندە بوو لێی خلاس بێت، خێرا خۆی هەڵدەکوتایەوە بە رەو چەپکە گوڵێک لەپیادەڕەوەکەدا.

هەرپێی نەدەگەیشت و ئیتر نەیدەویست حاستەمێک لا لە لۆژە لۆژی ئەو کابرایە بکاتەوە کە لەو پەڕی چوارڕیانەکەوە دادەگەڕا و قوڵێکی کۆتەکەی بە دەم "با"وە شینی دەگێڕا.

## سەرتان

من ئیمانم بە خەونەکانم هەیە و ئەرێ، ئەزانم بۆچی چارەنووسی برای سەر بە با چووم لەو کاتەدا کـە من خەریک بووم، تیژتیژ، بێ سەرم دەکرد؛ جووڵەیێکی لێوە نەهات و لە ژێر دەستم خۆی نەترازاند، تا لە نەزمی رووداوێکی ئاساییدا، بیبرێنێتەوە. کەچی ئێـوە وەدەزانـن پاساوتان بۆ دەهێنمەوە و هـەر چـی بڵـێم ئەگـەر مـن گۆش‌گۆش سەریم نەبڕیبایە، ئیستا، یا نە هـەر کـاتێکی دیکە، زۆر کەستانی بێ سەر کردبوو؛ باوەڕ ناکەن.

## کـوێربــوونـەوە

ئەوانی تر نازانم چۆن، وەلێ من هەر کە چاوم نووقاند، نوورێکی تیژ لە هەبـوونی نیگاهمـدا تەقییـەوە و ئیتـر زانـیم، دەبـێ. گـەر چـی بـەهۆی ئەو تەقینـەوە کتوپڕیەوە ئیتر نەمتوانی چاوم بکەمەوە، کەچی ئـەمزانی رێبکـەوم و ئـەمتوانی بهـێڵم لار و لـەوێرییەکی نێـو هاڵاوەکەی بەردەمم، کەویم بکات. هەستێکی نەگبـەت هانی دەدام بچمە نهۆمەکانی خوار و خوار و خـوارترەوە، کـەچی نەمـدەزانی لـە کوێـوە دەرووەکانیـان دەسـت پێدەکات. کابرایەکی سیگار فـرۆش یەخـەی پێگـرتم و وتی"سیگار. سیگاری مفت". نەموێرا لێی وەربگـرم. وتـم شایەد لە نهۆمەکانی دیکەش لێی بێـت، وتـی: "چـی لێبێـت؟ بـۆ بـەهیوای چـاوت بـە نهـۆمێکی دیـکەش بکەوێت؟" ویستم بیڵـێم. کـەچی نـەموێرا و رێکـەوتم.

دەمزانی خەریکم بە دەوری نەردەیەکـدا دەخولێمـەوە و کەسم وەتووش نەهات لێی بپرسم کوێیە. دەموت بڵێی کویێ بێ ئێرە و دەیانوت "ئەم نەردانـە بـە چـواردەوری ریزێک پیلکانەدا جۆشکراون، بتەوێ بچیتـە نهۆمـەکانی خوار و خوار و خوارترەوە، دەبێ خـۆتی لـێ هەڵدێریتـە ئەو دیو" و سیگار فرۆش بوون دەیانوت. دەسـتم گـرت بە نەردەکانەوە و نازانم هی ئەوە بوو دڵـم پـڕ بـوو، یـان دەمویست ژەنگاوییان بکەم، گریام. ناڵەیەک لە خوارترەوە دەبووە هەڵم و نزیکەو لـووتم شـکڵی دەگـرت. دەیـوت "من کردم تۆ نەیکەی! نازانم چۆن خۆتان هەڵئـەدێرن، وەلێ من لەگەڵ خۆهەڵداشتنم، هەمووسـیگارەکانم لـێ بەربوونـەوە و ئەوکابرایـە، سـیگارەکان هەڵدەگرێتـەوە و دەیانفرۆشێتەوە. هەڵیاندەگرێتەوە، دەیانفرۆشێتەوە..."

لووتم لە نەزمی نەردەکان دوور کردەوەو وتم ئـاخۆ کـێ لـە سـەر پیلکانـەکان چـاوەڕێی ڕێکـەوتن بـووە. بـە گوروژمێکی توندوتیژەوە، بە پیلکانەوە رۆ چووە و ڕوحـی مەلعوونی لە لووتیەوە لێرە بەجێ ماوە. کەسێک پێکەنی و کابرای سیگار فرۆش بوو. نەمدەزانی سیگارم لێ کڕیوە یا نە. هێزم دایە پێڵـوم کـە لێکیـان هـەڵبڕم ، نەڕانـدم "ئەتوانم ، ئەتوانم" و چوار دەورم کپوتاریک داگـەڕا لـە هەڵمەتی خەیاڵاتی شەوێکی بێ بڕانەوە.

# منداڵەکانی دایکم

ئەتوانن بە پڕتاو خۆیان بگەیەننە پانتـایی ئـەو کۆڵانە چڵکنە و لە ئاسۆی پـڕ تـەمومژی چاوانیـدا، ئـەو مانگە چواردەیە ببینن کە لە شەرمی خـۆی هەر دێتـو ئەتوێتەوە؛ ئەمەچیە بەو نیوەشەوەی ئەو ساڵە، تەنها ئـەو بووە ئاگای لێ بووە کە کوڕەکەی وتـوویەتی "دەرگـاکە دامەخەن، کارێک ئەکەم زوو بێمەوە" و هەر ئەو سـاتە، دڵی داچڵەکیوە و بیری نیوەشەوێکی دیکە کەوتووەتەوە کە ئەگەر ئەو کوڕەی دیکە -کوڕی ئەو ژنـە پیـرەکەی کە ئیسـتاش زسـتانێک بـە سـەر قـژە گوناحەکانیـەوە هێلانەی کردوە و هەر چـی دایکـم ئـەبینێت نـاتوانێ، نـــــــاتوانێ بمێنێـــــــــت- بگەڕایەتـــــــــەوە...

تەنـانەت نۆبەرەکـەی، ئـەتوانێ ئـەوانیتر ژێـر بکاتەوە و بڵێن "هـیچ نیـە. دیسـان مانگـە پیسـەکەیە پەلاماری خوێنەکەی داوەتەوە". تەنانەت ئەتوانن لە ژێـر چواردەهەمین مانگدا، ئاگایان لە دایکیان نەبێ کە چـۆن لە پانتایی ئەو کۆڵانـەدا ڕژاوە و چـاوی بڕیوەتـە زەوالـی هەموو دەرگاکان. تەنانەت ئەتوانن ڕێگەکان بە سەریەوە، نەناسنەوە کە چ بەفرێک داییپۆشیوە. تەنـانەت ئەشـتوانن ڕەحەت، پرخەی خەویان بێت، چۆن!

## نەکـــە

ئیمرۆش دیسان بینیمەوە!

لە ئاپوورەی سەختی بازاڕەکـەدا، ڕووبـەڕووم بـۆوە و لـە سووچێکی لێوەکانیا، زەردەخەنەیەکی مەسمووم ڕوویـدا. من ڕوو لە دەرگای ئاوەڵای بازارەکە ڕۆ نیشتبووم و بیرم لەو هەموو سەرە ئەکردەوە کـە یەکەیەکـە لـەو ئـاپوورە نەگبەتـەدا بـزر دەبـوون و دیسـانەوە سـەرێکی تـر لـە میراتیانەوە دەر دەجمی. حەتتا پیرێژنێکیشم بینیەوە کـە بە درزی بازاڕەکەدا شوێن قرچە قرچی هەنێک خـەڵووز دەکەوت و دووکـەڵی دەفرۆشـتن! حـەتتا منداڵێکیشـم ناسیەوە کە پەنجە تووڕەکـانی بـاوکی لەگـەڵ ڕەحمـی تـورتی پوفولکـەیێک لـێ ئـاڵۆزا؛ حـەتتا زۆر کەسیشـم دەبینی کە کەسیشیان نەدەبینی؛ بۆیـە کەلـە ئاسـتمدا ڕوویدا؛ نیگام لە ژێڵاوە هات و بە یارمـەتی دیوارەکـەی پشتە سەرم ڕێکەوتم کە نازانم خۆی لێ بدزمەوە، چی؟ کەچی ئەو زەردەخەنە نەگبەتە، ئەو زەردەخەنە نەگبەتە ئیتر هەر مێشکمی دەجوو...

## یەکجار

ئەوەنــدەی پــێ نــەچوو تەلەفــونی کــردەوە و کاتێـــک دەســـتەی تەلەفوونەکـــەم بـــەرز کـــردەوە، بەپێکەنینــــەوە وتـــی: بڵـــێ چـــی بـــووە؟ فریا نەکەوتم بپرسم، وتی: کە لەگەڵ تۆ قسەم دەکـرد، چــەن کەســیانم لــە ژوورە تاریکەکــە ســەرەوخوار هەڵواسیبوو، وتم هـەتا لەگـەڵ تـۆ قـەیرێک ئـەدوێم و خەمی دڵێک بە با دەکەین، ئاقڵ دەبن و هەموشــتێکم ڕاست، بـۆ دەگێرنـەوە. کـەچی ئیسـتا، کـە پـێم وتـی تەلەفوونت بۆ دەکەمەوە، چـووم سـەرێکیان لـێ بـدەم، تەماشا ئەکەم جووڵـە لـە هیچیانـەوە نایـەت و یەکـەو شتێکی خوێناوی لـە زاریانـدا نومایانـە، تومـەز جـەرگو ریخۆڵەیانە.

## چاوەڕوانی شەوی حەوتەم

کا نووسەر وتی: من تا ئیستا تەنها چوار شەو توانیومە تا بەیانی بنووسم و نیوەی جنە وشەکانم کۆ کردوەتەوە لە بوونتا.

کاغەز، باوێشکێکی دا و وتی: جارێکە ماویەتی هەتا سەمای فریشتەکە.

# لە قەست مردن

من و ئـەو & و Xـــێک بـووین، بڕیارمانـدا بچین بمرین. کەوتینە پەلـە بـۆ ڕەخسـاندنی هـەلێکی پڕگونجـاو، تـا لـە زووتـرین کاتـا، وەک سـەعاتێک، سەعاتونیوێکیتر، بە ئەنجام بگەین. من سوور ئـەمزانی و خێرا ئـەوم نـارد متۆڕێـک بـە کـرێ وەربگرێـت کە بەشکەم لەو ماوەدا خۆم فریا بکەوم گوێ بۆ برمـەبرمـی ڕوحی نەگونجاوم ڕادێرم و دەهاتم و دەچووم ئەمبرمانـد: کولێرە چەورە! کـولێرە دەسـت ئەکـەوت، هـا، کـەچی کەس نەبوو چەوری بکات. ناچار لە پیرێژنێکـی چـەورم دەڕوانی و بەدەم ملّچە ملّچەوە بۆم دەگێڕایەوە: ئێمە کێ و کێـین، ئەمانـەوێ بچـین بمـرین و ئـەویش لێـی

دەپرسیم جا بۆ بە ماتۆڕ؟ من ئـەموت: ئـاخر حـەزم لـە خێـرا مردنـە، ئەمانـەوێ ڕوحمـان پـێش جەسـتەمان بفلیقێتەوە و کەچی هەر زووزوو دەیپرسی: دەی باشـە، تۆ بە چ داخێکەوە و ئەو بە چ داخێکەوە؟ هەر ڕایەکیش کولێرەکەم بەسەردا فڕ ئەدا و ئەمنەڕاند: هۆی! بزانە چۆن قسە ئەکەیت، ها! قەینا بە من دەڵێـی"تـۆ"، بەڵام خـۆ ئیتر ئەو من نیم وا پێی دەڵێی"ئـەو". دەتریقایـەوە هـەر ڕایەک. جارێکیشیان ئانوسات لێم بزر بوو و کـە هاتـەوە کاغەزێک بە دەسـتێکەوە و تێڵایـەک بـە دەسـتەکەی دیکەیـەوە، جووزانـدنی وەسـیەتی بـۆ بنووسـم و بـە سەرمەوە ڕاوێستا. منـیش ناچـار، جیرەجیـڕ، بـە سـەر دێڕەکاندا ڕێ کـەوتم و ئەمجیڕانـد: مـن و ئـەو کـەس نازانێ کێ و کێین، ئەمانـەوێ تـا زووە و لەمـە شـەوتر نەبووە، بچـین بمـرین. مـن نەمـدەزانی و ناشـزانم ئـەو هێزێکی خۆ ئازاردانی وەکو کـرم، هەڵژڵیوەتـە گیـانی و کەی؟ دەمێک ساڵ لەمەوبەر، کرمەکـە هـەر هـاتووە و پتر زل بووە و ئەویش نەیزانیوە و ناشزانێ من سـاڵێکیان لەڕ و بنێس ڕێم نەکردووە ماڵەکەی خۆمان بدۆزمەوە و تا لەڕتر بووم، زیاتر خەڵکم لێ گۆڕاوە و بـە زمانێـک لـە گەڵم دواون کە زیاتر لە ژاوەژاو چووە و تاکوتەرا، مەگـەر تێی گەیشتبێتم. یەکیان لاسای بنێسمی کردووەتەوە و وتویەتی ئەمە وەکوو "شەوە"، هەر خوێنی خۆی مژتووە و نەیهێشتووە خەڵکی، نزیکم ببنەوە. جارێکیشیان لە تاو برسیەتی بە هێما و ئیشارە تـێم گەیانـدوون: "خـەڵکی

ئێرە بۆ گوێ بە کەس نادەن؟" و کتوپڕ هـەموویان لـێم بوونە دڕندە و نەڕاندوویانە: هـۆی! وەزانتـی ئێـرە کوێیـە، هەتیوە؟ ئەو شارەی تۆ لێـی دەگێڕیتـەوە، لە مێـژە لـە گەڵ کرێوەکەی نووحی ڕەنجبەعەبەس، سـڕدراوەتەوە و ئەوسا "بەچکە نحۆ. . .بەچکە نحۆ" ڕەدوویان ناوم و ئەوە هەر هیچیشم نەخواردووە و لە ناوەوە بە برسێتی ڕزیوم، چۆن. کەچی ڕێکەوتووم تا شارە ونبووەکەم بدۆزمـەوە و تا بیشـیدۆزمەوە کرمێـک ئـەوی تواندووەتـەوە و وەک شەراب هەڵیقوڕاندووە. ئیتر هەڕام کردووە و زرم، سـەرم بەسەریەوە تەقیوە و. . .

پیرێژن وتی: "بەسە، سەگباب" و شـۆقامکمی پێ نامە سەر کاغەزەکـە و ئانوسـات، شـۆقامکم وەکـوو دەنگی ستۆپی متۆڕێک، شـیرەی هـات و هەردوکمـان هەڵاتینە دەر. مـن لە دوای پیرێـژنەوە و پـێش ئەوەی بگەمە دەر، ئەوم لە درزێکی دەرگاکەوە بینی کە لە ژێـر چەرخی زاڵمی ترێلیەکدا فلیقایەوە و پرمەپرم پێکـەنیم. پیرەژنیش پرمەپرم لای بۆ کردمەوە و بـە پێکـەنینێکی عەجووزانەوە وتی: پێمەکەنە...

بۆیە وەها دامانە قاقای پێکەنین.

## نیتانه

شێری گازەکەتان کردبۆوە و حەتمەن بیرتان
لە چۆنیەتی شەمچە ئەکردەوە کە وا. ئاگام لێتان بوو
ئاگاتان لە بڵاو بوونەوەی گاز نەبوو، کەچی هێزم نەبو
بیرتان بخەمەوە. هەتا ڕازی بوون بە چڵێک شەمچەی
چڵمن و بەدەم پێکەنینەوە ئامادەی بڵێسە بوون.

هەموو پێکرا تەقینەوە و هاتم گوێی نەبیستان
لە دار و پەردوو بسڕمەوە و بنەڕێنم: ئەرێ ئێوە بۆ نازانن
من سەرم دێشێت؟؛ کەچی بیستنتان دیار نەبوو.

دە بۆ نەتانزانی من هاواردانم دێشێت؟؟؟

## مەچەکی مەرگ

ئەوەندە نەبێ کاتی سـواربوون، زۆر هاکـەزایی نیگام لە پەنجەیان خشا و هەستم کرد بە زۆر ناویانەتـە نێو یەک، پەنجەکانیان؛ دەنا لە کـاتی ڕۆیشـتن‌دا، هـەر تەماشام نەکردن و زۆر دوور نەکەوتبووینەوە، پرتەیەکیان لێ بۆوە و بێ ئەوەی تێگەیشتبێتم چییان بە شۆفیرەکە وتووە، زانیم دەیانـەوێ دابـەزن. دابـەزیم و بـێ ئـەوەی سەرنجیان بدەم دابەزین. هەر کە لـێم دوور کەوتنـەوە، زۆر خـاو لـە ماشـینەکەدا پـەنام گرتـەوە و هێشـتا هەناسەیەکم تێدا نەدابو، پیاوێکی یەشمی لە شیشەکەوە مەچەکمی گرت و دەرگای کـردەوە کـە دامبـەزێنێت. تاسابووم! گەرچی نەمدەزانی لە پـای چـی دەمگرێـت و دەمبات، کەچی بـە چـاو تکـام لـە شـۆفیرەکە دەکـرد نەهێڵێت و کاتێک شۆفیر لێی هاتە دەنگ، بـێ ئـەوەی هیچ بڵێت، کارتێکی ڕەشی پیشان دا و گـوێم لـێ بـوو شۆفیر برمانـدی: **"انـا للـەو انـا الیـە الراجعـون، ڕۆڵە"** و هێواش ماشینەکەی لێ دوور خستینەوە. من مەچەکەم لە نێو پەنجەیدا قوفڵ کرابوو. هەرچی تەماشـام دەکـرد، دەتوت ناتوانم بزانم لە چی ئـەچێت و چـەنێک ڕاسـتە. ویستم لێـی پرسـم بـۆ کـوێم دەبـات، فریـا نەکـەوتم.

پیاوێکی دیکە لەمان، لەو سەرەوە سەر و گێلاکی وەدەر کەوت، کتومت خۆی. کەچی ئەویان مەچەکی کچێکی تاڵی بە مەچەکییەوە قوفڵ کردبوو. حەتتا فریا نەکەوتین لەگەڵ کچە تەماشایەکی یەکتر بکەین، دەستیان خستینە نێو دەستی یەکتر و لە ماشێنێکیان هاویشتین و بەرەو نێونیشانێک بەڕێیان کردین. لەو ماوەدا کە ڕانبەڕانی یەکتر خزابووینە کونجی ماشێنەکەوە هیچمان نەوت و کە ماشینەکە لە نێو رێدا وێستا، وەمزانی گەیشتووینە نێونیشانی پیاوە یەشمییەکان، ویستم دابەزم و کچەش دابەزێنم، کەچی بۆ سوارکردنی موسافیرێکی دیکە وێستابوو. کاتێک وەرێکەوتینەوە، وەها کە موسافیرەکەی پەنامان تێنەگات، بە کچەم وت: [ڕەنگە نێونیشان ئەو شوێنە بێت کە بڵێین "بۆ دانەبەزین"] و وتمان ئێمە دادەبەزین. هەرواش بوو. شۆفیرەکە وێستا و ئێمە زۆر ماقوڵانە بە موسافیری پەنا دەستمان وت: "دەمانبەخشی برای ترسناک" و ئەتوت هەر ئاگایشی لێمان نیە. پێش ئەوەی ماشێنەکە وەڕێ بکەوێتەوە تا توانیمان لێی دوورکەوتینەوە و ئەوسا کە ویستمان لێک جیا بینەوە، نەمانتوانی. پەنجەکانمان پێکەوە کەلەپچە کرابوون و لە ترسا بە خۆمان نەزانیبوو. لە ئانێکدا لە خۆم پرسی ئاخۆ بشمانتوانیبایە جیا دەبووینەوە؟ و سەیرێکی کچەکەم کرد و دەتوت ئەویش هەر ئەو پرسیارەی لە خۆی کردووە وا دامانە قاقای گریان.

# کوڵی بە یانی باش

دەبـێ حەتمەنـە ئـەو بسـتە داپلۆخاوییـەی "ئیمرۆ"م بـە جوانییـەک داشـارم. ڕەنگـە لـە سـاتێکی هێمنی ئیمرۆدا، هاورێیەک بە هێما پێم ڕا گەیەنێت کە دەبێ لەو بستە شـوێنەدا، تەندیسـێکی پیـرۆز داکـوتم. کەچی من وەڕەز دەبم لە خولانەوە و ئیتر بۆ تا هەتایـە دڵم بەرایی نایەت بیدوێنم. ئەگەر چی دەبیبستمەوە کە هاوڕێی دێرینم لە ژیانی ئاسـایی گـەڕاوە و پەنجـەکانی ناوەتـە سـەر دوو گـوێی و هـۆرە هـۆر، خەریـکە دەمگێرێتەوە کە گوایە من بووم کـە بەیانیـەک نەختـە نەختە ڕۆژم داپڵۆخیوە و بۆ ئەوەی لە دووری ئەو کێشە سەر بە مۆرە، سێبەری لقـێکم ویسـتبێت کـە پـڕ بـە سووچێکی نەحسی جەستەی سـەنگینم بێـت و هـەر

ئەوەندە بتوانم لەبیری ئەو پڕ بە پێستیە ئـەودیو بکـەوم؛ چرۆیەک، داپلۆخاوی ئەوێمی سارێژ کردووەتەوە و بـاوەڕ دەکەن چرۆی نازەنین بە نیگاهی تاریکمدا چرپانـدبێتی: بەیانیت باش؟

دەڵێن هاوڕێی دێرینم ئـاوا منــی بـۆ خـەڵک ڕوون کردووەتەوە کە گوایە بە نەڕەیـەکی سـەرگەردان، تفاومەتە هەمو ئەسڵی نارەسـەنم. کـە گوایـە هێشـتاش هــەر دەنگــم تــوخنی خــۆم ناکــەوێت و لکــاوە بــە دەوراندەوری ئەو داپلۆخاویە پڕ نهێنییەمدا. ئیتر نازانم بـە ڕاسـتی بـووە، مـن بـووم نەڕاندوومـە: "ملوێنـان سـاڵی دووری، لێم نووری. تاریک بی!" یان خۆی بووە؟

## پەپوولەکانی کا نووسەر

کانووسەر وەها فێر بووە: بە کاغەزەکانی، توورەکەیەک بۆ کرمی ئەو بادامانەی وا مەزەی عارەق سەگیەکەیەتی، ساز دەکات و کاتێک لە مەستی دێتەوە، لابەلایەک پەپوولەی مەدهۆشی هەیە. ئەوە بۆیە ماوەیەکە لە بری نووسین، هەر فڕینی بە دەستەوەیە و فڕینەکانیشی هیچی مجەوزی بڵاو بوونەوەی پێ نادرێت.

## درەنگان

من بێگومان، یەکەم موسافیری ئەو ئوتووبوسە ناوەختە بووم کە هات و ڕێـک لـە جێگـەی نانـەجیبی خۆیدا وێستا و یەکەم موسافیر پێی تێنا. هێشتا جێگـەم گەرم نەببو کە بە سەعاتەکەمدا زانیم ئەوەندەم نامێنیت، هەر ئەوەتا ئوتوبوسەکە نیوە ببێت، ئیتر شۆفیرەکەی لە ترسی یەکەم موسافیریش بێت دەچێتە پشت فەرمـان. بەڵام ڕەنگە تە نها مەبەستی بزوتنی ماشینەکەی بێت و بزانێـت مـن لـە گشـتیان پەلەم زیـاترە. بـا پـێش و دوایەک بکات و هێواش هێـواش دەوری ئـەو مەیدانـە تاریکە بداتەوە نەکاو هاوارم لـێ هەسـتێت. منـیش لـە گەڵ بزوتنـی ماشـێنەکەی، خـوم کـرد بـە تاریکنـایی سەعاتەکەمدا و تا لام کردەوە، لە نێوان سوقلی خەوێکدا کەوتبووم: ڕەنگـە تەنهـا خـەو بتوانێـت ڕەوتێکـی وەهـا قورسم لێ کەم بکاتەوە، کەچی دەنگم هەر بە ئاگا بوو و لە هاڵاوی نێو ماشینەکەدا پـەنگی دەخـواردەوە و هـەر جارەی خۆی دەکرد بە گوێی یەکێک لە موسافیرەکاندا و من نەمدەتوانی لە بیرم بچێتەوە کە لە کوێم. "ڕە نگـە

ساحەبەکەم لاشەیەک زیاتر هیچ نەبێت، وەلێ پێتان بڵێم من ڕاستم و بزانن ئەگەر بێتو ئاوا بچنە پێش، ناگەن و تەنها دەتوانن خێسە لە یەکتری بکەن. وەک خەتای خۆتان نەبێت و خەتای ئەویترتان بێت. نا، وا نابێت. ئاگاتان لە چنگی خوێناوی شۆفیر بێ، ئەها چەنێک ئازایانە بە دەوری ئەو تاریکییەوە، هەڵتاندەخولێنێتەوە و کە تێریش بوو، بە دەم بزەیەکی سەرمەستانەوە  سەر و شەقتان تێ هەڵدەدات و یەکەو لە لایەک بەرتان دەداتەوە تا لاشەی گەنیوتان ببات بەرەو کێ چوزانێ کوێ.

هەر موسافیر بوو دەینەڕاند: "کاکی شۆفیر ئەو دەنگە بێ ساحەبە لە کوێوە دێت؟ شەقی چی؟ مەبەستی لەو تاریکستانە چیە؟" و کاکی شۆفیر چنگی خستە نێو باوەشی هاڵاوەکەی دەوراندەورمەوە، تا دەنگەکە دەرکێشێت و بیسڕێتەوە. کەچی چاوی بە سەعاتە بێ میلەکەم کەوت و هاوکات لە گەڵ بیری شتێکی دیکەدا، نەڕاندی: "کوا، کوا، دەنگی چی؟" و لەرزە لەرز چۆوە پشت فەرمان.

ویستم بچێت و بە سەریا بنەڕێنێت "بۆ ڕایناگری" و لەم هەلاجانە سەنگینە ئاگام بێتەوە، نەمزانی چۆن تێیگەیەنم. سەرم شۆڕ کردبۆوە و دەمزانی هەرگیز وەها نەمدەتوانی گیری بێنم و دامێنی بگرم؛ کە فریام کەوێت...